# المواجهة بين قوات البيشمركة التابعة للاتحاد الوطني الكردستاني والجيش العراقي في عملية الأنفال، المرحلة الثانية، على سبيل المثال.

**م.د. زانا فهقێ محمد**
**قسم التاريخ / كلية التربية / جامعة كرميان**
Zana.faqe@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الأنفال، الجيش العراقي، قوات البيشمركة، وادي جفايات، المواجهة.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , زانا فقيه , المواجهة بين قوات البيشمركة التابعة للاتحاد الوطني الكردستاني والجيش العراقي في عملية الأنفال، المرحلة الثانية، على سبيل المثال.,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The confrontation between the Peshmerga forces of the Patriotic Union of Kurdistan and the Iraqi army during the Anfal campaign, phase two, is an example.

**Dr. Zana Faqe Mohammed**
**Department of History / College of Education / University of Garmian**
Zana.faqe@garmian.edu.krd

**Keywords** : Anfal, Iraqi Army, Peshmerga, Jaffayat Valley, confrontation.

**How To Cite This Article**
Mohammed , Zana Faqe , The confrontation between the Peshmerga forces of the Patriotic Union of Kurdistan and the Iraqi army during the Anfal campaign, phase two, is an example. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص
كانت عملية الأنفال عملية عسكرية خططت لها الحكومة العراقية للقضاء على الهوية الكردية وحركة التحرير الكردية في جنوب كردستان، لا سيما بعد استئناف الكفاح المسلح عام ١٩٧٥. وبعد أن حررت قوات البيشمركة بقيادة الاتحاد الوطني الكردستاني معظم جنوب كردستان، بدأت الحكومة العراقية عملية الأنفال في ٢٣ فبراير ١٩٨٨ وانتهت في ٦ سبتمبر ١٩٨٨. نُفذت العملية على ثماني مراحل في ست مناطق مختلفة. في المرحلة الثانية من عملية الأنفال، هاجمت الحكومة العراقية مناطق كاراداغ. ولمنع تدمير هذه المناطق وحماية أرواح سكانها، اشتبكت قوات البيشمركة التابعة للاتحاد الوطني الكردستاني مع الجيش العراقي. وأُفيد عن وقوع إصابات في كلا الجانبين.
يتكون بحثنا من مقدمة، ومناقشتين مستقلتين، واستنتاجات، وقائمة بالمصادر، وملحق بالوثائق. يتناول النقاش الأول، بعنوان "الأنفال - المرحلة الثانية"، أسباب وكيفية بدء الحكومة العراقية خطة الأنفال في منطقة قرادك. أما النقاش الثاني، بعنوان "المواجهة بين قوات البيشمركة (حزب العمال الكردستاني) والجيش العراق في الأنفال"، فقد ناقشنا فيه، على سبيل المثال، دور قوات

البيشمركة (الاتحاد الوطني الكردستاني) في مواجهة قوات الجيش العراقي من خلال التخطيط ورسم الخرائط لحماية المنطقة. كما ينبغي عرض عدد القتلى من كلا الجانبين.
تعتمد هذه الدراسة على المنهج التحليلي القائم على مبدأ الإثارة. فعلى سبيل المثال، في بحثنا حول المواجهة بين قوات البيشمركة التابعة لحزب الشعب الكردستاني وقوات الجيش العراقي في عملية الأنفال، المرحلة الثانية، اعتمدنا على مصادر أخرى متعددة كالمذكرات والكتب والرسائل. كما حرصنا على تفسير الأحداث بطريقة علمية وموجزة، وبحيادية تامة، بعيدًا عن أي تأثير خارجي.

Abstract

The Anfal campaign was a military operation planned by the Iraqi government to eliminate Kurdish identity and the Kurdish liberation movement in southern Kurdistan, particularly after the resumption of armed struggle in ١٩٧٥. After the Peshmerga forces, led by the Patriotic Union of Kurdistan (PUK), liberated most of southern Kurdistan, the Iraqi government launched the Anfal campaign on February ٢٣, ١٩٨٨, and it ended on September ٦, ١٩٨٨. The operation was carried out in eight phases across six different regions. In the second phase of the Anfal campaign, the Iraqi government attacked the Karadag region. To prevent the destruction of this region and protect the lives of its inhabitants, PUK Peshmerga forces clashed with the Iraqi army. Casualties were reported on both sides.

Our research consists of an introduction, two separate discussions, conclusions, a bibliography, and an appendix of documents. The first discussion, entitled "Anfal - Phase Two," examines the reasons for and the manner in which the Iraqi government initiated the Anfal campaign in the Karadag region. The second discussion, titled "The Confrontation Between the Peshmerga (PKK) and the Iraqi Army in Anfal," examined, for example, the role of the Peshmerga (PUK) in confronting the Iraqi army through planning and mapping to protect the region. The number of casualties on both sides should also be presented.

The method and approach relied upon in this study is the method (praise/analysis), based on the principle of excitement. For research on the confrontation between the Peshmerga forces of the Kurdistan People's Party (PKK) and the Iraqi army forces in the Anfal process, the second phase, for example, we rely on the use of several other sources in the form of memoirs, books and letters We have also tried to interpret the events in a scientific and concise manner impartially and away from any influence.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سوپای عێراق لەپرۆسەی ئەنفالدا ، قۆناغی (دوو) بە نموونە.

د. زانا فەقێ محەمەد.
نازناو: مامۆستا.
بەشی مێژوو/ کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان.
ژمارەی موبایل: ٠٧٧٠١٥٠٩٧٢٣ _ ٠٧٧١٧٥٧٧٦٧٨
Zana.faqe@garmian.edu.krd

پوختە

ئەنفال، پرۆسەیەکی سەربازیی پلان بۆ داڕێژراو بوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە مەبەستی لە ناوبردنی شوناسی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان پیادەی کرد، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ساڵی ١٩٧٥ بە ڕابەرایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، توانیبوویان بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان ئازاد بکەن، هەربۆیە حکومەتی عێراق تاوانی ئەنفالی لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستپێکرد لە ٦ی ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی پێهێنا، بە جۆرێك بەسەر هەشت قۆناغ لە شەش ناوچەی جیاوازدا جێبەجێیکرد. لە قۆناغی دووەمی پرۆسەی ئەنفالدا حکومەتی عێراق هێرشی کردە سەرناوچەکانی (قەرەداغ)، بە مەبەستی ڕێگریکردن لەوێرانکردنی ناوچەکان و پاراستنی گیانی دانیشتوانی ناوچەکە، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە ، بە جۆرێك چەندین کوژراو لە هەر دوولا کەوتەوە.

توێژینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دووباسی سەربەخۆ و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە. لە باسی یەکەم بە ناونیشانی ئەنفالی قۆناغی (دوو)، تێیدا هۆکار و چۆنێتی دەستپێکردنی پلانی حکومەتی عێراق بۆ ئەنفالی ناوچەکانی (قەرەداخ) خراوەتەڕوو، هەرچی باسی دووەمە بەناونیشانی (ڕرووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (٢) بە نموونە) ، تێیدا باسمان لە ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کردووە چۆن لە ڕێگایی دانانی پلان و نەخشەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەتەوە بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە ، هەروەها هەوڵدراوە ژمارە کوژراوانی هەردوولا بخرێتە ڕوو.

کلیلە وشە: ئەنفال، سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگە، دۆڵی جافایەتی، ڕووبەڕووبوونەوە.

## پێشەکی:

دوای ئەوەی سوپای عێراق توانی لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٨ دەستی بە سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی گرت و کۆتایی بە قۆناغی یەکەمی ئەنفال هێنا، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی دوای سێ ڕۆژ لە تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی ئەنفال وەك تەواوکاری ئەم قۆناغەیە قۆناغی دووەمی لە ٢٢ی ئازاری١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەکانی قەرەداغ دەستپێکرد، ئەمەش لە بەر گرنگی ناوچەی قەرەداغ بوو لە ڕووی سەربازییەوە، وێرای ئەوەی ناوچەکە لە لایەن (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئازادکرابوو، هەربۆیە حکومەتی عێراق بە پێی پلانێکی سەربازی ورد، بە پشتیوانی فرۆکە و تانك هێرشیکردە سەرناوچەکە، بە مەبەستی ڕێگریکردن لەوێرانکردنی ناوچەکان و پاراستنی گیانی دانیشتوان ،هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە، هەرچەندە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) توانییان بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ بەرگری لە ناوچەکە بکەن، بەڵام لە ١ی نیسانی ١٩٨٨ ناوچەکەیان چوڵکرد، توانییان بەشێك لە دانیشتوانی ناوچەکە ڕزگار بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ناوچەکە لە لایەن سوپای عێراقەو کیمیاوی بارانکرا، هێزەکانی (ی.ن.ك) لە ڕێگای بنکە تەندروستییەکانی و پێشمەرگە بەشێکی زۆر لە بریندارەکان چارەسەرکران.

هۆکار وگرنگیی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکار و گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لە سەر ناونیشانی توێژینەوەکەمان (ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە (یەکیتی نشتیمانی کوردستان) وسوپای عێراق لە پرۆسەی ، قۆناغی (٢) بە نموونە. نەکراوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە ژمارەیەك پەرتووك و ڕۆژنامە و گۆڤاردا هاتووە، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئێمە توێژینەوەیەکی زانستی لە بارەیەوە ئەنجام بدەین.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە توێژینەوەکە لە پلەی یەکەمدا بۆ خستنە ڕووی هۆکارەکانی قۆناغی ئەنفالی (دوو) پلانی سوپای عێراق بوو، لە گرتنی ناوچەکە، هەروەها خستنە ڕووی چۆنێتی بەگری کردنی ناوچەکە لە لایەن هێزی پێشمەرگە و چۆنێتی ئازاد کردنی خەڵکی ناوچەکە بوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەك دوو باس، ئەنجام و لیستی سەرچاوە و نەخشە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان، باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان بۆ باسکردن لە هۆکار و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی یەك تەرخانکراوە، لە باسی دووەمی توێژینەوەکەدا ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق خراوەتە ڕوو، هەروەها لەم باسەدا هەوڵەکانی پیشمەرگە بۆ پاراستنی ناوچەکە و دەربازکردنی خەڵکی ناوچەکە خراوەتە بەرباس، وێڕای ئەوەی ژمارەی کوژراوانی هەردوو لا بەیان کراوە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەو میتۆد و ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە میتۆدی (پەسنی/ شیکارییە)، لەسەر بنچینەی هەڵهێنجان سەرچاوەی گرتووە. بۆ توێژینەوە لەسەر (ڕووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و هێزەکانی سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (دوو) بەنمونە. پشتمان بە بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی تر لەشێوەی بیرەوەری و پەرتوك و نامەی زانکۆیی بەستووە، هەروەها هەوڵدراوە بێلایەنانە و دوور لە هەر کاریگەرییەك، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و کورت و پووخت لێکبدەینەوە.

گرنگترین سەرچاوە بەپێزە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

بۆئەنجامدانی توێژینەوەکەمان سوودمان لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە، هەندێك لەو سەرچاوانە بریتین لە نامە و بەڵگەنامە، ئەمانەش بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە. بەشێکی تر لەو سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتوون و زانیاریی زۆریان تێدایە، بریتیین لە یاداشتی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە مێژوویە، کە تێیدا ژیاون و ڕووداوەکانیان تۆمارکردووە و نووسیوویانەتەوە.

لەوانە مەحموود سەنگاوی: بیرەوەرییەکانی سەنگاوی؛ نەوشێروان مستەفا ئەمین: خوولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی (١٩٨٤–١٩٨٨) ، ڕەشید عەلی سەعید: پارتیزانێك لە ناوگڕوکڵپەدا، خەلیل سەرکانی: ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا، مەردان کوڵەجۆیی: ئەزموونی تەمەنێك، بەشی یەکەم ئەگەرچی بەشێوازێکی لایەنگیرانە نووسراونەتەوە و کەمترین مەرجی زانستییان تێدایە، بەڵام سوودی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە، چونکە وەك سەرچاوەی گرنگ بۆ میتۆدی توێژینەوەکان بەکارهێنراوە. گۆڤار و ڕوژنامە و بڵاوکراوەکان جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانە بوون، کە بۆ توێژینەوەکەمان سوودی لێوەرگیراوە. جۆرێکی تر لەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەگیراوە، لایەنی زانستی تێدا ڕەچاو کراوە، بریتی بووە لەو پەرتووکانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی هەمەلایەنی دەربارەی دۆخی سیاسیی باشووری کوردستانی تێدا بووە، کارنامەی ئەکادیمیەکان (ماستەر)، جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانە بوون، کە زانیارییان لێوەرگیراوە، بۆ یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە پرسەکانی توێژینەوەکانمان بەکارهێنراوە. جا تێزە بڵاوکراوەکان بوویێت یان بڵاونەکراوەکان... هتد، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەل کەسانی نێو ڕووداوەکان جۆرێکی تر بووە لە سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**باسی یەکەم: پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی (٢).**

بەمەبەستی کۆتایهێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، سەرکردایەتی هەرێمایەتی (حزبی بەعسی ئیشتراکی) وئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ئامادە بوونی هەر یەکە لە (نزار خەزەر جی)،سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری بەڕێوەبەری (بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی) و حسێن ڕەشید ئەلتکریتی(جێگری سەرۆکی فەرماندەیی ئەرکانی سوپا ) لە ڕۆژانی ١٥_١٨ی ئازاری١٩٨٧ چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا (الثوره، ١٩٨٧، ص٣) ، تێیدا بڕیاردرا چەندین ڕێ و شوێن بگرنە بەر بۆ هێرشکردنە سەر باکووری عێراق، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان، بڕیاری (ژ ١٦٠/٠) لە ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ بە واژۆی (سەدام حسێن) دەرکرا، بڕیار درا بە دانانی (عەلی حەسەن مەجید١٩٤١_٢٠٠٧) بە سکرتێری نوسینگەی باکووری حزبی بەعس، هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدرا(قرار مجلس الثورة/ ١٩٨٧/٣/٢٩، بەڵگەنامەی ژمارە١). دەستبەکاربوونی (عەلی حەسەن مەجید)، قۆناغێکی نوێ لە ڕاگواستن و لە ناوبردنی کورد لە باشووری کوردستان دەستیپێکرد،چونکە ناوبراو دوای ماوەیەکی کەم لە دەستبەکاربوونی بەرنامەیەکی بەناوی (بەرنامەی سی قۆناغی پاکتاوکردن یان کۆکردنەوەی گوندەکان) دانابوو، ئەمەش بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان کە ناوچە کوردنیشینەکانی دەگرتەوە لە لایەك و لە ناوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردبوو لە لایەکی تر بوو، بە پێی بەرنامەکە قۆناغی یەکەم لە ٢١ی نیسان دەستیپێکرد هەتا٢٠ی ئایاری ١٩٨٧ بەردەوام بوو، هەرچی قۆناغی دووەم بوو لە ٢١ی ئایار بۆ ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ی خایاند، لە هەردوو قۆناغەکە ناوچەیەکی بەرفراوان دووچاری وێرانکاری و لە ناوبردن بووە، بەڵام بە هۆی شەڕی (عێراق_ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨)، نەتوانرا بەرنامەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت بەتایبەت قۆناغی سێیەم، ئەم قۆناغە ئامانج لێی سڕینەوەی گوندەکان و کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکان بوو لە ئۆردوگا زۆرەملیەکان و لە ناوبردنی پێشمەرگە و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردبوو، ئەم قۆناغی سێیەمی بەرنامەکە لە ساڵی ١٩٨٨جێبەجێکرا لە ژێر ناوی (ئەنفال*)دا وەك پرۆسەیەکی سەربازی ئامانجدار.( فەرج، ٢٠٢٢: ٥٦-٦٠).

پرۆسەی ئەنفال وەك کردەیەکی سەربازی لە لایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە لە دژی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجامدرا، پرۆسەکە بە سەر هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جیاواز لە ماوەی حەوت مانگدا جێبەجێکرا، ئەم کردەیە بۆ بە هۆی تێکدانی دیموگرافیای کوردستان و تێکچوونی هەموو لایەنەکانی ژیان (فەقێ، ٢٠١٧: ٩٠).

دوای ئەوەی لە بەرەکانی جەنگی (عێراق _ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨) هێزەکانی سوپای عێراق سەرکەوتنی زۆریان بەدەستهێنابوو، زۆربەی هێزەکانی گەڕاندبووە بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە و داگیرکردنی ناوچەکانی کوردستان، بە جۆرێك سەرکردایەتی سوپا بڕیاردرابوو ئەگەر هەموو سوپا لە ناو بچێت پێویستە ناوچەکان داگیربکرێت بە هەر جۆرێك بێت( قارەمانی، ٢٠٠٩، ل٣١٠)، ئەمەش وایکرد حکومەتی عێراق گۆڕانکاری لە هێزەکانی لە ڕوی جۆرێتی و چەندێتی کردبوو لە کوردستان ژمارەیانی لە هەموو ڕوێکەوە زیاد کردبوو، پێکهاتەی هێزەکانی حکومەتی لە ناوچەکانی کوردستان بەم جۆرە بوو:

یەکەم: هێزی پیادە/ ئەم هێزە پێکهاتبوون لە هێزەکانی (بەدر، قەعقاع و موعتسەم)، ٢٠ لیوا (٦٠) فەوج، دەیەها فەوجی (سوك و مەفرەزە خاسە) بە هاوکاری و پاڵپشتی تەواوی سەرۆکایەتی فەیلەقەکانی (یەك و پێن).

دووەم: هێزی توپخانە، لە چەندین کەتیبەی مەدفەعی (١٣٠ملم، ١٥٣ملم و ١٧٥ملم) و ڕاجیمە پێکهاتبوو.

سێیەم:هێزی (درع)، ئەم هێزە لە چەندین کەتیبەی زریپۆش و مدرەعەی (جەنگی و نەفەربەر) پێکهاتبوو.

چوارەم: هێزی ئاسمان، لە فرۆکەکانی (سیخۆ، مێك، باجەرویلاتۆز) و کۆپتەری (جەنگی و راهەلگر) پێکهاتبوو. (کوردستانی نوێ، ١٩٩٦: ١٠).

بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی پرۆسەی ئەنفال، حکومەتی عێراق لە کۆتایی مانگی دووەمی ١٩٨٨دەستیکرد بە هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە سوپا کە پێکهاتبوون لە سەرباز و جاش، بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر پێشمەرگە و ناوچەکە ، لە یەکەم هێرشی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە لە شەوی ٢٢/٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ بە خستی دەستیکر توپارانکردن و کیمیایی بارانکردنی ناوچەکانی (سەرگەلۆ و بەرگەلو و یاخسەمەر)، هەروەها لە ٢٣ی هەمان مانگدا پەلاماری چەندین گوند و شارەدێ و شارۆچکەی دا، هێرشەکە بە پێی پلانێکی سەربازی ورد ئەنجام درا، کە لە (نۆ) قۆڵی جیاوازەوە بوو، هەرچەندە بۆ ماوەی (٢٥)رۆژ هێزی پێشمەرگە رووبەرووی هێرشەکانی حکومەتی عێراق بوونەوە، زیانێکی زۆریان پێگەیاند، بەڵام بە هۆی جیاوازی ژمارەی سەرباز و جۆرێتی چەك حکومەتی عێراق لەم قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە وێرانکرد و دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت، ئەمەو وێڕای ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە ئەنفال کرا و دەربەدەر بوون، (٧٢) پێشمەرگەی (ی.ن.ك) کوژران و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون، لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٨ کۆتایی بەم قۆناغی (ئەنفالی١)هێنا. (فەق، ٢٠٢٦ :٣١٢-٣١٩).

سەرکەوتنی هێزەکانی سوپای عێراق لە (ئەنفالی ١)دا وەرەیان بەرز ببوو، ئەمەش وایکرد بە هێزێکی دوای سێ رۆژ لە تەواوبوونی ئەنفالی یەك، لە ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨دا سوپای عێراق بە فەرماندەی لیوا روکن (ئەیاد خەلیل زەکی) فەرماندەی فەیلەقی دوو، کە بە هێزی (یەرموك) ناسرا بوو، هێرش و پەلامارەکان بۆ ناوچەکانی شارۆچکەی قەرەداغ و بازیان، بەشێك لە گوندەکانی سەنگاو و رۆژئاوای دەربەندیخان دەستپێبکات (ئەمین، ١٩٩٩: ١٥٢؛ نێروەی، ٢٠٠٨:٤٩٢-٤٩٣؛ عەبدە، ٢٠١٠:٣٥؛ تاڵەبانی، محمد،٢٠٠٥:٢٤)، هێرشکردنە سەر ناوچەکانی قەرەداغ بە مەبەستی دروستکردنی هێڵێکی بەرگری، بۆ بەرگریکردن لە لە پاراستنی بەرژەوندییەکانی بە تایبەتی شاری (کەرکووك)، بڕیاریدا شوێنێکی ستراتیجی دەستنیشان بکات، باشترین جێگای زنجیرە شاخەکانی قەرداغ و سەگرمە بوو، هەروەها رێگایەکی گرنگ بوو، چونکە دەکەوتە نێوان سلێمانی و دەربەندیخان و سەنگاو، هەر بۆیە حکومەتی عێراق بڕیاری دا لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا هێرش بکاتە سەر ناوچەی قەرداغ. (حەسەن، ٢٠٢٢: ١٢٦)، وێڕای ئەوەی لە رووی سەربازییەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت بوو، کە بۆ بەرگریکردن گونجا بوو، هەروەها دەیروانیە سەر ناوچەکانی تر، چونکە لە رووی جیپۆلۆتیکی سەربازییەوە ناوچەکە گرنگی خۆی هەبوو، لەم بارەییەوە ئازادی سەگرمە دەڵێت:" لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقدا، کە لە رێگای رێکخستنەکانمانەوە دەستمان کەوتبوو، تێیدا ئەوا روونکرابووەوە، بۆ ئەوەی بتوانن کونترۆڵی ناوچەکانی کەرکووك هەتا مەیدان بکەن لە رووی سەربازییەوە، پێوویست بوو دەست بەسەر ناوچەکانی قەرەداغ بگرن". (چاوپێکەوتن، )، جگە لەوەی بارەگای مەڵبەندی (یەك) و بارەگای سەرجەم تیپەکانی (١١ی شارەزوور، ١٥ی هەورامان،١٧ی زمناکۆ، ٣٩ی خەنجەرە، ٥٥ی قەرەداغ، ٥٧ی سەگرمە و تیپی مەڵبەند تێیدابوو. (سەعید،٢٠٢٠:٥٨)، هەروەها حکومەتی عێراق دەیویست بە گرتنی ناوچەکانی قەرەداغ پەیوەندی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکووك ببڕێت، کە ئامانجی سەرەکی حکومەت بوو لە گرتنی ناوچەکە.( اسماعیل، ٢٠٠٢ :٢٧٣). وێڕای ئەوەی حکومەتی عێراق دەیویست لە شوێنێکی ستراتیجی هێڵێکی بەرگری بۆ خۆی دروست بکات بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لە (١٣ی ئازاری ١٩٨٨) شاری هەڵەبجەیان ئازاد کردبوو، باشترین شوێنیش بۆ هێڵی بەرگری زنجیرە شاخەکانی قەرەداغ و سەرگرمە بوو، ئەمەش وایکرد ئەنفالی قۆناغی دوو بۆ ناوچەی قەرەداغ دەستپێبکات. (حەسەن، ٢٠٢٢: ١١٣).

حکومەتی عێراق، بۆ دەست بە سەراگرتنی ناوچەکە و لە ناوبردنی پێشمەرگە و ئەنفال کردنی دانیشتوانی ناوچەکە، هێزێکی زۆری سەربازی ئامادەکردئەوانیش پێکهاتبوون لە:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

**یەکەم:** فیرقەی زەمینی ١٥، هێزەکانی "فاروق" لەم یەکانە پێکهاتبوون لە (لمش ٤٣٦، لمش١٤، لمش ٧٦، کەتیبەی دەبابات).

**دووەم:** فیرقەی زەمینی ٣٤ و هێزەکانی "ئەلحارس" لەم یەکانە پێکهاتبوون لە (لمش ٥٠٢، لمش ٥٠٤، لمش٩٠، کەتیبەی دەبابات).

**سێیەم:** فیرقەی سێیەمی مدرعە "هێزەکانی سەلاحەددین" لەم یەکانە پێکهاتبوون لە (لمش٨، لمع١٢، لمع ٦، فەوجی مغاویر).

**چوارەم:** فیرقەی "٥٠" بە (سەرکردایەتی زهێر یونس عەلی).

**پێنجەم:** سەرکردایەتی فەوجەکانی بەرگری نیشتیمانی "جەحافل" فەوجەکانی "جاش" بە سەرکردایەتی عەمید روکن (سەعد شەمسەدین).

**شەشەم:** ئامریەی هێزەکانی یەکەم.

**حەوتەم:** ئامریەی هێزەکانی "جەحافل" جاش.

**هەشتەم:** ئامرییەی هێزەکانی قەرداغ.

**نۆیەم:** هێزەکانی ئامادەی سلێمانی.

**دەیەم:** یەکەی کیمیاوی.

**یانزەیەم:** فرۆکەی سوپا.

**دوانزەیەم:** هێزی ئاسمانی.

**سیانزەیەم:** بەشی ئەندازیاری سوپا.

**چواردەیەم:** بەشی کردنەوەی ڕێگاوبانی سەربازی.

**پانزەیەم:** یەکەی هەوالگری سەربازی (سلێمان، ٢٠١٥: ١١٢-١١٣).

دوای کۆکردنەوەی هێزەکان و ئامادەکردنیان، حکومەتی عێراق بە پێی پلانێکی وردی سەربازی بڕیاری دا، ئەم شاڵاوە بە ئەنفالی دووە (ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ) ناسرا بەمەبەستی کونترۆڵکردنی ناوچەکە و وێرانکردنی سوپای عێراق لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی بۆ ناوچەکە دەستپێکرد، ئەوانیش:

**ئاراستەی یەکەم:** وارماوە - دیسکەرە - کانی هەنجیر – شاخی سوڵە - سێوسێنان، بەرەو شاخی گڵە زەردە ڕویشتن.

**ئاراستەی دووەم:** سلێمانی – زرگوێز – شاخی دارە ڕەش، لەم ئاراستیەوە هێزەکانی سوپای عێراق بوون بە دوو بەشەوە، ئەوانیش:

١- بەشی یەکەمی هێزەکە لە سلێمانییەوە بەرەو دارە ڕەش لەوێوە بۆ سەر زنجیرە شاخی (سۆڵیاوا) هەتا دەگاتە پشتی گوندی (نەوتی)، لەوێشەوە بۆ گوندەکانی (میریاسی، ئاوایی، حمەی کەرەم و تازە دێ).

٢- بەشی دووەمی هێزەکە لە سلێمانیەوە بەرەو زرگوێز – دارە ڕەش- قەرەداغ. ئەم بەشە ئەرکی گرتنی شارۆچکەکە بوو، پاشانیش وێرانکردن و سوتاندنی گوندەکانی (تلەزەیت، باخان، سوێراوا، زێوەمەری سەروو، زێوەمەری خواروو، داری زاین و تافان).

**ئاراستەی سێیەم:** تانجەرۆ – شاخی گڵەزەردە بە ئاراستەی گوندەکانی ( گەرەزیل، تەنگیسەر، برایم ئاوا، تیمار هەرگینە، قارەمان). (حەسەن، ٢٠٢٢: ١٠٥).

**ئاراستەی چوارەم:** لەم ئاراستیەوە سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرەوە لە دەربەندیی بازیانەوە بەرەو دەربەندی باسەرە ئاراستەکران. (هەمەوەندی، ٢٠٠٨: ٩٢)

**ئاراستەی پێنجەم:** لەم ئاراستیەوە سوپای عێراق لە سێ ڕێگاوە هێرشیکردە سەر بەشێکی زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە، ئەوانیش:

١- لە ئۆردوگای ئەڵلاییەوە بەرەو گوندەکانی (قوشقایە - وەرمزیار – گاوانی – بارۆیی گەورە - کانیشایەن– سەر زەل).

٢- له گوندی ئەڵاییەوە بەرەو گوندەکانی( هاڵەی سەروچاوە – خێوەتە - کەلەکن - دێلێژە).

٣- لە گوندی ئەڵاییەوە بەرەوگوندەکانی(ئاڵبیزاو،هەنجیرە،باڵاجۆ، شێخەمەند، دەربەندسووتاو)(سەرکانی، ٢٠٠٩: ٧٨).

**ئاراستەی شەشەم:** لە شارۆچکەی سەنگاوەو بەرەو گوندی هەنارە و شاخی سەرگرمە و گوندی جافاران.

**ئاراستەی حەوتەم:** لە شارۆچکەی سەنگاو بەرەو گوندەکانی خاکی و دەلکە و سەر شاخی مێوڵی، پاشانیش بۆ گوندەکانی ( مێوڵی، خاوێ، گورباز و کەسنەزان).

**ئاراستەی هەشتەم:** لە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە بەرەو گوندەکانی کانی سادر، باوە خۆشێن هەتا سێوسێنان، پاشانیش بۆ گوندەکانی (مچە کوێر، کەلۆش، سێوسێنان).

**ئاراستەی نۆیەم:** لە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە بەرەو گوندی چرچەقەڵا و شاخی زەرد، پاشانیش بۆ گوندەکانی ( بەڵخە، مەسۆیی، تەکیە، بەلکجاڕ، عەلیاوا، چرچەقەڵا، هۆمەرەقەڵا، کۆشکی خوارووی، کۆشکی سەروو و بەردێ) ( بڕوانە نەخشەی ژمارە١)

(نەخشەی ژمارە١)

ئاراستەکانی هێرەشەکانی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ ناوچەی قەرەداغ.




دوای ئەوەی حکومەتی عێراق هێزەکانی سوپای ئامادەکرد، کەوتە جێبەجێکردنی پلانی هێرشکردنە سەر ناوچەکانی قەرەداغ، هەرچەند لە بەشێك لە ئاراستەکانەوە پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام سوپای عێراق توانیان لە ماوە هەشت ڕۆژدا بە تەواوی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش وەك تەواوکەری قۆناغی یەکەمی ئەنفال بوو، تەواوی ئەو ناواچانە پەلامارردرا لە هەر دوو قۆناغەکەدا وێران کران(نەخشەی ژمارە٢)، لە ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٩٨٨دا سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بە یاننامەی ژمارە (٣١٠٩)ی لە بارەی داگیرکردنی ناوچەی (قەرەداغ) دەرکرد ناوی ئەنفالی دوو لێنا (الثورة، ١٩٨٨: ٢؛شەریف، ٢٠١٣، ٢٢: سەعید، ٢٠٢٠: ٥٩).

**باسی دووەم: ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری نێوان هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و هێزەکانی حکومەتی عێراق لە پرۆسەی قۆناغی ئەنفالی (٢)دا.**

حکومەتی عێراق، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکەی و لە ناوبردنی پێشمەرگە، حکومەتی عێراق بە هێرشی کیمیاوی دەستپێکرد، چونکە سوپای عێراق ڕەزامەندی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وەرگرتبوولە حکومەتی عێراق لەوکاتەدا، سوپا دەیویست بە بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك ناوچەکە کونترۆڵ بکات و زۆرترین زیانی بە ناوچەك بگەیەنێت( بەڵگەی نامەی ژ٢)، چونکە ناوچەکە بە دەست پێشمەرگەوە بوو، سوپا دەسەڵاتی بە سەردا نەما بوو، بە تایبەتی لە ماوەی جەنگی (عێراق – ئێران)، حکومەتی عێراق دەیویست ناوچەکە وێران بکات (ۆوچ، ٢٠٠٣: ٨٣)، هەربۆیە لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨ بە چەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەر گوندی سێوسێنان، ئەمەش بووە بە هۆکاری بریندار بوو و مردنی بەشێکی زۆر لە ناوچەکەدا، ئەمە لە کاتێکدا لە لایەن ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) ناميلكەی خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی بڵاوکرابووە، چونکە گومان دەکرا لەوەی حکومەتی عێراق، چەکی کیمیاوی بەکاربهێنێت( گوڵپی، ٢٠٠٧: ١٠٩-١١٠؛ حەسەن، ٢٠٢٢: ١٠١)، لە ناميلكەكەتدا هاتبوو لە کاتی هێرشی کیمیاوی پێویستە ئەم ڕێنماییانە جیبەجیبکەن:

١_ لە کاتی بەرکەوتنی چەکی کیمیاوییدا جلەکانتان بگۆڕن و بە ئاوی گەرم و سابون بیانشۆن.

٢_ ڕۆژی چەندان جار لەشتان بە ئاو و سابون بشۆن.

٣_ ڕۆژی چوار دەرزی ئەترۆپین لە خۆتان بدەن.

٤_ شکاندنی ئەو دەرزییە بچووکەی کە لە ژێر قۆماشە ڕەشەکەی ڕووپۆش (قیناع) ی گازەکەدا هەیە، هەروەها دانانی ئەو دەرزییە شکاوە لە نزیکی لووتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوی کیمیاوی باراندا بە باشی هەناسە بدەیت.

٥_ دوورخستنەوەی برینداەکان لە شوێنی بۆردومانە کیمیاوییەکە و گەیاندنیان بە پزیشك بۆ چارەسەرکردن و چاودێریکردنیان.

٦_ لە کاتی گوستنەوەی برینداەکاندا نابێت ماسکی خۆپاراستن لە چەکی کیمیاویدا لابرێت.

٧_ دوورکەوتنەوە لە شوێنی بۆردومانی کیمیاوییەکە بە دووری یەك کیلۆمەتر.

٨_ پێویستە لە کاتی ڕووداوی کیمیاویدا ماسکی گاز و جل و بەرگی تایبەت بە خۆپاراستن لە چەکی کیمیاویی بپۆشیت (محەمەد، ٢٠٢٢: ٤٣٧)، لەو کاتەدا بەڕیوەبەرایەتی هەوڵگری سەربازی بە نامەیەکی تایبەت و نهێنی بە ژمارە (م٥/ش٢/ق٢/٤٧٩٧) لە ٧ی ئازاری ١٩٨٨ دەزگای ئاسایشی تایبەت و بەڕێوەبەرایەتی بەشی کیمیاوی ئاگاداردەکاتەوە (بەڵگەنامەی ژمارە٣)

کیمیاوی بارانکردنی ناوچەکە لە ڕێگای تۆپی دوورهاوێژ بوو کە لە شاری دەربەندیخانەوە ئاراستەی گوندی سێوسێنان کرا، ژمارەیان (٤٠) گوللة تۆپ بوون(نوری، ٢٠١٨: ٨٠) هەرچەندە پێشمەرگەکان دەیانویست خەڵکی ناوچەکە لە مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و چۆنێتی خۆپاراستن بڵاوبکەنەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پیداویستییەکانی خۆپاراستن نەتوانرا دانیشتوانی ناوچەکە بپارێزن، لەم بارەیەوە دکتۆر جەلیل دەڵێت:" بۆ پاراستنی دانیشتوانی ناوچەکە لە چەکی کیمیاوی هیچ جۆرە لە پێداویستێکی خۆپاراستنمان نەبوو، تەنها، ژمارەیەکی کەم لە قیناع نەبێت کە تایبەت بوو بەکارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەکە، ئەمەش دوای ئەوەی خولێکی تایبەت بە چۆنێتی خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی کرابووە بۆ ژمارەیەك دکتۆر لە وڵاتی ئێران لە شاری کرمانشان لە ساڵی ١٩٨٦، خولەکە بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی دەخویندرا، سودێکی زۆری هەبوو بۆمان، قیناعەکانمان وەرگرتبوو، لە کاتی کیمیاوی بارانکردنی سێوسینان توانیمان ژمارەیەك بریندار چارسەر بکەین" (چاوپێکەوتن، ٢ی ئابی ٢٠٢٢).

له ئەنجامی کیمیاوی بارانکردنی گوندی سێوسینان، (٧٨) مرۆڤ بە بێ جیاوازی نێوان تەمەن و ڕەگەز کوژران و (٢٠٠)ی تریش بریندارببوون، وێڕای تێکچوونی سروشتی گوندەکە(عەبدولڕەحمان، ١٩٩٥: ١٩٤)، لە پێناوچارسەرکردنی بریندارەکان لە لایەن دەزگاکانی (ی.ن.ك) و پێشمەرگەکان چەندین کاری گرنگ ئەنجام درا، لەوانە:

یەکەم: لە لایەن پێشمەرگەکانەوە، بە ئۆتۆمبیل و تراکتۆر سەرجەم بریندارەکان گەیاندرانە نەخۆشخانەکان بە مەبەستی چارسەرکردنیان.

دووەم: ناردنی ژمارەیەك کارمەندی تەندروستی بۆ سەر چەمی دێوانە کە دەکەوتە نێوان گوندی (سێوسێنان و بەلکجار) بە مەبەستی شوردنیان و ناردنیان بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش.

سێیەم: پێدانی ڕێنمایی لە لایەن کارمەندانی تەندروستییەوە بە پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە کە بە هیچ شێوەیەك نابێ دەستیان بەر جل و بەرگی بریندارەکان بکەوێت، پێویستە دەست کێش لە دەست بکەن، ئەمەش لە پێناو پاراستنی سەلامەتی گیانی پێشمەرگە و خەڵکەکە بوو.

چوارەم: ئامادەکردنی گەرماو بۆ شۆشتنی بریندارەکان، ئامادەکردنی جلی نوێ بۆیان، ئەمەش دوای ئەوەی داوا لە پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە کرابوو جلی نوێ بۆ بریندارەکان بهێنن.

پێنجەم: چارسەرکردنی بریندارەکان، لە ڕێگا لێدانی دەرزی لێیان لە جۆری (ئەترۆپینمان) کە باشترین دەرمان بوو بۆ برینداری گازی ژەهراوی دەمارەکان، وێڕای هەڵواسین (مغەزی) بۆ ئەوە بریندارانەی توشی سکچوون و ڕشانەوە هاتبوون. بەهۆی ئەمکارانە توانرا سەرجەم بریندارەکان چارسەر پێوویستیان بۆ بکرێت ( گوڵپی، ٢٠٠٧: ١٢٢).

دوای کیمیاوی بارانکردنی گوندی سێوسێنان، سوپای عێراق، بە هاوکاری جاش و تانك و زرێپۆش و هێرشی زەمینی کردە سەر ناوچەکە، ئەمە لە کاتێکدا بوو زۆربنەی پێشمەرگەکانی کە ئەرکی پاراستنی سەرکردایەتی و ناوچەکەیان لە ئەستوو بوو، لە پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی یەکدا، ئەمەش وایکردبوو ژمارەی پیشمەرگە لە ناوچەکان بە تایبەت ناوچەی قەرەداغ کەم بێتەوە، لە کاتێکدا بارەگای مەڵبەندی یەك لە ناوچەکەدا بوو. (کانی پانکەیی، ٢٠١٣ : ٣٢٦؛پەرلەمان، ٢٠٢٥)، بەر لە دەستپێکردنی هێرشی زەمینی بۆ ناوچەکە، پێشمەرگە داوا لە خەڵکی ناوچەکان دەکات گوندەکان جێبهێڵن، خۆیان دەرباز بکەن، لەم بارەیەوە جەمیل هەورامی دەڵێت:" لە قەرەداغ بووم، مەعلومەتەکەم پێگەیی کە حکومەت هێرش دەکەن، خەبەرم بە پێشمەرگە نارد بۆ ئەنجومەنی هەموو دێیەکان لە ڕێگەی مزگەوتەکانەوە ئاگاداری هەموو خەڵك بکەن ئەو مەنتیقەیە بە جێبێڵن، بڕۆن بۆ شارەکان و دوربکەنەوە و ئەو مەنتیقەیە بە جێبێڵن، بەڵام ئازووقەمان بۆ جێبێڵن لە ماڵەکانیاندا کە ئەگەر توانیمان بەرگریبکەن ئەگەر توانیمان بەرگری بکەین بگەڕێینەوە، بەڵام ڕەنگە ڕژێم نیازی خراپ بێت و بۆ ئەوەی خەڵك نەکەوێتە دەستی ڕژێم بڕۆن ماڵەکانیان بەجێبێڵن، ئەوانەی قەرەداغ زەرەیان نەهێنا چوونە سلێمانی" (عەلی، ٢٠٢٤: ١٦٧).

لە ٢٣ی ئازاری ١٩٨٨ سوپای عێراقبە زرێپۆش و بە پشتیوانی تۆپ و هاوەن لە هەموو ئاراستەکانەوە کە پلانی بۆ دانابوو دەستیپێکرد، ئەمەش لە پێناو سەرقاڵکردنی پێشمەرگە و زانینی ژمارەی پێشمەرگە و لە ناوبردنی هەموو جۆرە بەرگرییەك بوو(کانی پەنکەیی، ٢٠١٣: ٣٣١)، لە یەکەم هێرشدا لە هەمان ڕۆژدا هێزێکی سوپای عێراق بە مەبەستی داگیرکردنی بەرزاییەکانی (گردە شێر و میریاسی) هێرشێکی چڕی بە پاڵپشتی تانك و تۆپ دەستپێکرد، هەر چەندە لە سەرەتادا توانییان پێشڕەویی بکەن، بەڵام لە لایەن پێشمەرگەکانی تیپی (٥٥)ی قەرەداغ بە هاوکاری پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و هێزی پشتگیری ناوچەکە، بە پێی پلانێك هێرشێکی پێچەوانە دەکەنە سەر سوپای عێراق و تەواوی شوێنەکان دەگرنەوە و ئازادی دەکەن. توانیان (١١) سەرباز بکوژن و دەست بە سەر دوو چەك لە جۆری کلاشینکۆف و یەك ئاربی کە و کۆمەڵێك لە کەلوپەلی سەربازی بگرن. (سەروای، ب٧، ٢٠٢٤، ل١٥٨). لە بەرە بەیانی کاتژمێر ٥:١٥ خولەکی بەیانیدا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەمان ڕووژدا سوپای عێراق بە هێزێکی سزپای زۆرەوە بە پاڵپشتی چەندین تانك و زرێپۆش و ڕاجیمە و توپی دوور هاوێژ لە دووکاتی جیاوازدا هێرشی کرد سەر شاخی گڵە زەردا، ئەوانیش:

یەکەم: لە لە بەرەکەلەوە بۆ سەر شاخی زەرد.

دووەم: لە کاتژێر ٨:٣٠ خولەکی سەر لە بەیانی چەندین جار هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هێرشەکانی سوپای عێراق پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە و هێزی پشتگیری ناوچەکە سەلاجەم هێرشەکانیان تێکشکاند، لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا ژمارەیەك سەرباز بریندار بوون و ژمارەیەکیش کوژران، وێرای ئەوەی لە هێزەکانی پێشمەرگە بێ زیان بوون، توانیان دەست بەسەر چەکێك لە جۆری کلاشینکۆف وکۆمەڵێك گوللة ئاربی جی دا بگرن.

لە درێژەی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ دەست بە سەراگرتنی ناوچەکە و لێدان لە پێشمەرگەکان، لە ناوچەی شارەزوورەوە لە ٢٣ی ئازاری ١٩٨٨ لە چەندین قۆڵەوە هێرشی دەکرد، ئەوانیش:

**یەکەم:** لە کاتژمێری (٧)ی بەیانیدا هێزێکی زۆری سوپای عێراق بە پاڵپشتی تانك و توپ و مودەرعە و ڕاجیمە هێرشی کردە سەر (ئاوەکەڵە)، پێشمەرگەکانی تیپەکانی (١٥ی شارەزوور، ٥٥ی قەرەداغ، ٥٣ی شێروانە و ٥١ی گەرمیان) بە هاوکاری ژمارەیەك لە پێشمەرگەانی (پ.د.ك) و هێزی پشتگیری ناوچەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە و توانیان شکست بە هێرشەکە بهێنن.

**دووم:** هێزێکی زۆری سوپا هێرشی کردە سەر هەر دوو گوندی (کۆرە)، پێشمەرگەکانی تیپەکانی (٥١ی گەرمیان، ٥٧ی سەگرمە، ٥٥ی قەرەداغ)، بە هاوکاری ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی (سۆسیالست، پارتی و هێزی پشتگیری) ڕووبەڕوویان بوونەوە، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری شکستیان بە هێرشەکە هێنا، وێرای ئەوەی پێشمەرگەکان بێ زیان بوو، (٧) سەرباز کوژران.

**سێیەم:** سوپای عێراق دوای ئەوەی هێرشێکی چڕیان کردە سەر گوندەکانی (خەرجیان و وەڵانە)، وێڕای ئەوەی توانیان دەست بە سەر گوندەکاند بگرن و پێشڕەوی بکەن، سەربازگەبەك و دوو ڕەبییەیان تێدا جێگیرکرد، ئەمەش وایکرد پێشمەرگەکانی تیپەکانی (٥١ی گەرمیان، ٥٥ی قەرەداغ) بە پێ پلانێك بە هاوگاری مفرەزەیەکی سۆسیالست و مەفرەزەیەکی پارتی و هێزی پشتگیی ناوچەکە لە چوار قۆڵەوە لە کاتژمێر(٦)ی ئێوارەدا هێرشیان کردە سەر سەربازگەکە و هەر دوو ڕەبییەکە، توانیان لە ماویەکی کەمدا دەستیان بەسەردا بگرن، زیانیکی زۆریان بە هێزەکە سوپا گەیاند. (سەروای، ٢٠٢٤: ١٥٨-١٦٠).

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٣ی ئازاری ١٩٨٨ فیرقەی (٤٣) ی سوپای عێراق بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی ناوچەکە و دەست بەسەراگرتنی شاخی (زەردە)، لە چەندین لاوە هێرشی دەستپێکرد(زاوتی، ٢٠٠٢: ١٤)، هەروەها لە چوار سەربازگەو دەستیکرد بە توپبارانکردنی بە شێویەك چڕ، ئەو سەربازگەکانیش پیکهاتبوون لە:

یەکەم: سەربازگەی دەشتی کانی سارد نزیك لە شارۆچکەی دەربەندیخان.

دووەم: سەربازگەی کانی ساردی بانی خێڵان لە سەر جادەی کەلار_ دەربەندیخان.

سێیەم: سەربازگەی سەر شاخی گوڵانی، کە دەکەوتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی دەربەندیخان.

چوارەم: سەربازگەی دەشتی پێواز. (سەروای، ب٧، ٢٠٢٤: ١٦٦). لەگەڵ توپبارانکردنی ناوچەکە، حکومەتی عێراق هێرشی زەمینیش بۆ ناوچەکە دەستپێکرد، بەمبەستی ڕێگریکردنی لە هێرشەکانی سوپای عێراق، هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بەپێ پلانك بۆ دوو بەش دابەش بوون، ئەوانیش:

١// تیپی ٥٣ی شێروانە لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەفرەزەی (شاهۆ)، لە سەر جادەی کەلار_ دەربەندیخان، لە (چەماخەکانی بەرکەل) دامەزران.

٢// تیپی (١٧)ی زمناکۆ لە سەر شاخی (زەردە) دامەزران.

دوای ئەوەی لە ٢٣ی ئازاری هەمان ساڵدا، سوپای عێراق بە زرێپۆش هێرشیکردە سەر ناوچەکە لە لایەن پیشمەرگەکانی تیپی (٥٣)ی شێروانە و مەفرەزەکەی شاهۆ ڕووبەڕوویان بوونەوە،

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ژمارەیەك سەربازکوژران و توانیان شکست بە هێرشەکە بهێنن و سوپای عێراق بە ناچاری گەڕانەوە بۆ سەر شاخی گوڵان، لەم هێرشەدا پیشمەرگەکان بێ زیان بوون. (سەرواى، ب٧، ٢٠٢٤: ١٦٦).

لە ٢٤ی ئازاری هەمانساڵدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای (بەرکەل) بۆ جاشەکان دانا، دوای هێرشی جاشەکان بۆ سەرناوچەکە دەکەونە بۆسەکە، لە ئەنجامدا پاشکەشێ دەکەن. (سەنگاوی، ٢٠٠٤: ٣٠٣)، لە هەمان ڕۆژدا سوپا بە ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و جاش بە پاڵپشتی چەندین زرێپۆش حکومەتی عێراق هێرشێکی چڕی دەستپێکرد، لە لایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە (چەماخەکانی سەرکەل) ڕووبەڕووی هێرشەکەی سوپا دەبنەوە، کە ژمارەیان (23) پیشمەرگە دەبێت( زاوتی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٦) ئەوانیش بریتی بوون لە :

| ژ | ناو | نازناو | پلەی پێشمەرگایەتی |
|---|---|---|---|
| ١ | صمد فەرەج لفتە | صمد هۆمەربلی | جێگری کەرت |
| ٢ | سەلام سادق | سەلامە ڕەش | پێشمەرگە |
| ٣ | عەلی عەبدولکەریم محەمەد | عەلی زاوتی | پێشمەرگە |
| ٤ | محەمەد ڕەشید | حەمە شوان | کادری کۆمەڵایەتی |
| ٥ | محەمەد ڕەشید فەیزوڵلا | هەڤاڵ | پێشمەرگە |
| ٦ | عەریف مەجید | | پێشمەرگە |
| ٧ | عەتای شێخ باهیر | شێخ عەتا | پێشمەرگە |
| ٨ | ئەحمەد حسێن سەمین | | پێشمەرگە |
| ٩ | وەلی وەهاب | | پێشمەرگە |
| ١٠ | غەفور جەبار ساڵح | غەفور تەیمانە | پێشمەرگە |
| ١١ | حەمید بەچە | | پێشمەرگە |
| ١٢ | محەمەد مەجید ئەمین | حەمە دەکەی | پێشمەرگە |
| ١٣ | عەلی بەکر بایەفی | ئازاد | پێشمەرگە |
| ١٤ | محەمەد عومەر قادر | حاجی محەممەد | پێشمەرگە |
| ١٥ | ئیبراهیم حەمە عەلی | ئیبراهیم قەڵەو | پێشمەرگە |
| ١٦ | خورشید حەسەن | وەستا خورشید | پێشمەرگە |
| ١٧ | بورهان ئەحمەد | | پێشمەرگە |
| ١٨ | ئیبراهیم کاکەیی | ئیبراهیم کاکەیی | پێشمەرگە |
| ١٩ | محەمەد خانەقینی | محەممەد خانەقینی | پێشمەرگە |
| ٢٠ | نەجم شێخ اسماعیل | شێخ نەجم | پێشمەرگە |
| ٢١ | عەباس ڕەشید | | پێشمەرگە |
| ٢٢ | مامە ڕەشە | مامە ڕەشە | پێشمەرگە |
| ٢٣ | شکور محمد سلێمان میران | شکور قەرەباڵاغی | پێشمەرگە (شکور قەرەباڵاغی، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٦). |

بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی سوپا، پێشمەرگەکان و هێزی پشتگیری ناوچەکە بە پێی پلانێك بۆ چوار بەش دابەشکران، ئەمەش لە پێناو ڕێگری کردن و شکستپێهێنانی هێرشکە، ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەخت لە نێوانیاندا ڕوویدا (زاوتی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٦)، هەرچەندە پشمەرگەکان توانییان هەتا ئێوارەی هەمان ڕۆژ ڕووبەڕوو هێرشەکە سوپای عێراق بنەوە، ژمارەیەك سەرباز و جاش کوژران و بریندار بوون، بەڵام لە ئەنجامی نابەرانبەری هێز و ژمارەی شەڕکەر و جۆری



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

چەك سوپای عێراق توانی دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرێت، لەم رووبەڕووبونەوەیەدا پێشمەرگە کوژران و بریندار بوو ئەوانیش:

| ژ | ناوی ئەو پیشمەرگانەی کوژران | ناوی ئەو پێشمەرگانە برینداربوون |
|---|---|---|
| ١ | محەممەد ڕەشید (حەمە شوان) | سەمەد باقی (سەمەد هۆمەر بلی) |
| ٢ | عەتا شێخ باهیر | عەلی عەبدولکەریم محەممەد (عەلی زاوتی) |
| ٣ | عەریف مەجید | والی وەهاب |
| ٤ | ئەحمەد حسێن سەمین(کەرکووك، هەڵۆکان،٢٠٢٤) | محەممەد خانەقینی . |
| ٥ | | خورشید حەسەن (چاوپێکەوت، زاوتی، ٢٠٢٦) |

دوای پێشڕەوی کردنی هێزەکانی سوپای عێراق، بە مەبەستی گرتنی شاخی زەرد، بە تایبەتی دوای کونترۆڵکردنی چەماخەکانی بەرکەل، بەشێك لە پێشمەرگەکانی تیپی (٥٩ی حەمرین) ڕووبەڕووی هێرشەکانی سوپای عێراق بونەوە، لەم بارەیەوە شێرزاد باوەنووری دەڵێت:" لە کاتی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی لە پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی یەکدا، بە شێك لە پیشمەرگەکانی تیپی (٥٩)ی حەمرین وەك هێزی یەدەك بۆ پاراستنی ناوچەکە لە سنوری مەڵبەندی (١) مابووینەوە، زیاتر پێشمەرگەی (مەتفەریقە) بووین، زیاتر لە (٧٠) پێشمەرگە بووین، لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٨ بروسکەمان بۆهات بڕۆین بۆ شەڕەکانی سەرکردایەتی، بە ڕیکەوتین بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی، دوای گەیشتنمان بە بە نزیکی زێوی پیشمەرگەیەك گەیشت بە ئێمە پەیامی کاك نەوشیروانی بۆ هێنابووین، ئاگاداری کردینەوە کە بگەڕێنەوە، چونکە قزلەر گیرابوو، کە ڕێگای پەرینەوە بوو بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی، یەکەسەر گەڕاینەوە، دوای ئەوەی گەیشتینە قەیتول لە ٢٢ی هەمان مانگدا بروسکەمان بۆ هات، بڕۆینە سنوری تیپی ٥٣ی شێروانە کە ئەوکات لە شاخی زەردە بوون، ژمارەمان ٧٢ پێشمەرگە بوو، لە ٢٣ی مانگ گەیشتینە سەر شاخی زەرد، بە پێی پلانێك هەمووومان دامەزراین، زۆرجار کەمینمان بۆ هێزەکانی سوپا دادەنا، هێرشی سوپا بەردەوام بوو بۆ گرتنی شاخی زەردە، چونکە لە ڕووی ستراتیجی سەربازییەوە زۆر گرنگ بوو" (باوەنوری، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٦)، بە جۆرێك لە ٢٥ی ئازاری ١٩٨٨دا زۆر بە چڕی هێرشی بۆ ناوچە شاخاوییەکان بە یارمەتی تۆپی دورهاوێژ دەستپێکرد، بە تایبەتی دوای پاشکەشێ پێشمەرگەکان لە ناوچەکەدا بەرەو بەرزاییەکانی ناوچەکە، وێرای ئەوەی کەوتنە تالانکردنی ناوچەکە کە بە هۆی هێرشی سوپای خەڵکەکە ماڵەکانیان جێهێشت بوو(کانی پەنکەیی، ٢٠١٣: ٣٣١)، پیشمەرگە بەرەهەنگاری هێرشەکان دەبووە، هەرچەندە هەتا ١ی نیسانی ١٩٨٨ هێزەکانی پێشمەرگە بەرگرییان لە ناوچەکە و شاخی زەردە کرد، توانییان ژمارەیەك سەرباز و جاش بکوژن و ژمارەیەکییان لێ بریندارببوو، لە پیشمەرگەکانی تیپی (٥٩)ی حەمرین پێشمەرگەیەك بە ناوی (سەلاح حمە غریب) جێگری فەرماندەی کەرت بوو کوژرا، دوو پیشمەرگە بە ناوەکانی (عەسکەر) فەرماندەی کەرت و شێخ عەبدوڵلا برینداربوون، بە هۆی ناهاوسەنگی هێز هێزەکانی پێشمەرگە پاشکەشیانکرد و سوپا دەستی بەسەر شاخی زەرد و ناوچەکەدا گرت(باوەنوری، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٦). هەرچەندە پێشمەرگەکان بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە، چەندین بریندار و کوژراویان هەبوو، هەروەها توانیان چەندین هێرشی سوپا تێکبشکێنن و زیانیکی زۆریان پێ بگەیەنن، بەڵام بە هۆی نابەرانبەری هێزی و جۆری چەك و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بە ناچاری هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکەیان چۆلکرد و حکومەتی عێراق دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت، بە تایبەتی شاخی زەرد، وێرای ئەوەی بە هۆی هێرشەکانی سوپای عێراق لەم قۆناغەدا سەرجەم گوندەکانی ناوچەکە کە نزیکەی (٨٠) گوند و (٢٢٤١) خانوو و وێران کران و (٥٦٣٧) مرۆڤ

به بێ ڕەچاو ڕەگە ز تەمەن ئەنفلکران، کە سەر جەمیان بەرەو شوین نادیارەکان بران، هەروەها ناوچەکە زورترین زیانی ماددی پیگەیشت ( ئۆمەرگومبەتی، ٢٠١٣:٤٢).

ئەنجام:

یەکەم: سەرکەوتنی هێزەکانی سوپای عێراق لە قۆناغی یەکەمی ئەنفالدا، هۆکار بوو بۆ ئەوەی دوای سێ ڕۆژ لە تەواوبوونی ئەنفالی قۆناغی یەکەم، لە ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨ وەك تەواو کاری قۆناغی یەکەمی هێرش بۆ سەرناوچەکانی قەرەداغ دەستپێبکات لە ژیر ناوی ئەنفالی (٢).

دووەم: قەرەداغی لە ڕووی سەربازییەوە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ بوو، ئەمەش وایکرد سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرەوە بە یارمەتی تانك و تۆپ و چەکی کیمیاوی هێرش بکاتە سەرناوچەکانی قەرەداغ.

سێیەم: لە پێناو پاراستنی دانیشتوانی ناوچەکە لە چەکی کیمیاوی هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)، چەندین ڕێنمایی تایبەت بە خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی بڵاوکردنەوە، هەتا دانیشتوانی ناوچەکە دووربن لە مردن و بریندار بوون بە چەکی کیمیاوی.

چوارەم: لە ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨ سوپای عێراق گوندی (سێوسینانی) بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرد، چەندین هاوڵاتی برینداربوون و کوژران، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە لە لایەن دەزگای تەندروستی شۆڕشەوە ڕزگارکران و چارسەری پێوویستیان بۆ کرا.

پێنجەم: لە پێناو پاراستنی دانیشتوانی ناوچەکە هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نشتیمانی کوردستان، ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ بەرگرییان لەناوچەکە کرد، هەرچەندە توانیان ژمارەیەك لە جاش و سەرباز بکوژن و بریندار بکەن، بەڵام بە هۆی ناهەوسەنگی هێز و جۆری چەك هێزەکانی سوپای عێراق توانیان ناوچەکە داگیربکەن و چەندین پێشمەرگە بکوژن، وێرای برینداربوونی ژمارەیەکی تر.

شەشەم: لە ئەنجامی گرتنی شاخی (زەرد) سوپای عێراق بەیانی ژمارە (٣٠٩)ی دەرکرد و کۆتایهێنان بە قۆناغی دووەمی ئەنفالی ڕاگەیاند، بەوەی هۆیەوە (٨٠) گوند و (٢٢٤١) خانوو و وێران کران و (٥٦٣٧) مرۆڤ بە بێ ڕەچاو ڕەگە ز تەمەن ئەنفلکران، وێرای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە ئاوارە بوون.

بەڵگەنامەی ژمارە(١) **قرار مجلس الثورة/ ١٩٨٧/٣/٢٩.**

سەرچاوە: کەیوان ئازاد ئەنوەر (دکتۆر)، تاوانبارە گەورەکەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ(١٠١)، ٢٠٠٩.



بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار/ ١٦٠

تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة (أ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا" لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧ .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧ مايلي :-

اولا - يمثل الرفيق علي حسن المجيد ، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية ومنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة .

ثانيا - يتولى الرفيق عضو القيادة القطرية ، لتحقيق اهداف هذا القرار ، صلاحيات التقرير الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية ، وبوجه خاص الصلاحيات المنوطة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال .

ثالثا - ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار .

٢- اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية .

٣- قيادات الجيش الشعبي .

رابعا - تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية فيما يتصل بـ ( اولا" ) من هذا القرار .

خامسا - يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى إشعار آخر ، ويتوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

بەڵگە نامەی ژ(٢) (مديرية الاستخبارات العسكرية العامة/ أستخدام اعتاد الخاص).



بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
المعاونية الأولى - ش٣ - ق٢

الى المعاون
موضوع / أستخدام العتاد الخاص

١. بمقترح من مديريتنا حصلت موافقة رئاسة الجمهورية - السكرتير على توجيه ضربة بالعتاد الخاص الى مقرات عملاء أيران في موضع (تكية بلكجار) التابعة لناحية قره داغ وموضع (باليسان) على الطريق العام جوارقرنة - خليفان ونتسبب عدم تنفيذ الضربة الا بعد أعلام رئاسة الجمهورية - السكرتير بكيفية أستثمارها.

٢. أستناداً للفقرة ١ أعلاه تتسبب بكتاب رئاسة أركان الجيش للوثق والعنون الى (فيلق ١ وفيلق ٥ وصورته الينا) ماياتي:-

أ. القيام بعمليات ضرب عملاء أيران ومرتزقة خميني في الاماكن المشار اليها في الفقرة (١) أعلاه بالاستفادة من العتاد الخاص.

ب. يقوم فيلق ١ بأعداد خطة أستثمار الضربة في موضع (تكية بلكجار) وعرضها أمام السيد رئيس أركان الجيش خلال زيارة سيادته لمقر الفيلق يوم ٩ نيسان ٨٧.

ج. تعد قيادتي فيلق ١ وفيلق ٥ الخطة المشتركة لضرب مقر عملاء أيران في موضع (باليسان) وترسل الى رئاسة أركان الجيش للمصادقة عليها.

د. ترسل زمرة العتاد الخاص الى فيلق ١ يوم ٧ نيسان ٨٧ لتقديم المشورة.

٣. سنتابع الاجراءات.

يرجى التفضل بالاطلاع.

السيد المدير العام

المقدم الركن
مدير الشعبة الثالثة
٦ نيسان ٨٧

سنتابع الاجراءات والنتائج
يرجى التفضل بالاطلاع

اطلعت
٦ نيسان

بەڵگەنامەی ژمارە (٣) مديرية الاستخبارات العامة/ سرى و شخصى.

IST.A8072.008.C
0031-03-C...

(شيلان الشهداء الكرد...)

يرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

٥٥٦ [redacted]

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
الحكم
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
العدد: م٥ / ٣٠ / ... ٦٢٧
التاريخ: / آذار / ١٩٨٨

سري وشخصي

الى / جهاز الأمن الخاص

الموضوع / معلومات

وجهت قيادة زمرة عملاء ايران مخربيها اتباع التعليمات التالية عند تعرضهم لضرب كيماوي :-

١. خلع الملابس التي تعرضت للضربة الكيماوية ووضعها في الماء وغليها مع مسحوق الغسيل .
٢. غسل الجسم بالماء والصابون مع مسحوق الغسيل ولعدة مرات في اليوم .
٣. زرق الجسم بأربعة ابر ( اتروبين ) في اليوم .
٤. كسر الابر الصغيرة الموجودة في القناع الاسود ووضعها قرب الأنف للتنفس اثناء الضربة .
٥. ابعاد المصابين عن مكان الضربة الكيماوية ووضعهم تحت مراقبة الاطباء لمعالجتهم .
٦. عدم خلع الاقنعة اثناء نقل المصابين مهما تكن الاسباب .
٧. الابتعاد عن مكان الضربة الكيماوية بمسافة (١) كم .
٨. لبس الاقنعة خلال الضربة ولحين انتهائها .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

اللواء الركن
مدير الاستخبارات العسكرية العامة

نسخة الى
مديرية الصنف الكيماوي / للتفضل بالاطلاع .

(١ ـ ١)
سري وشخصي

.8

* ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە، لە (٧٥) ئایەت پێکهاتووە، ئەم سورەتە لە جەنگی (بەدر) دابەزیووە، ئەمەش بۆ دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ بووە، چونکە وشەکە لە زمانی عەرەبیدا کۆی وشەی (نفل)ة، بە واتا (غنائم) دێت، ئەم زاراوەیە بەر لە هاتنی ئیسلام لە ناو عەرەبدا بڵاوبووە، هەر وەك لە دێڕە شعرێکی شاعیری ناوداری سەردەمی جاهیل (عەنتەری کوڕی شەداد) هاتووە، ( إنا إذا حمس الوغى نروا اقنا، ... ونحن وعند تقاسم الانفال). حکومەتی عێراق ئەم چەمکەی بۆ کردەیەکی سەربازیی لە دژی کورد لە باشووری کوردستان بەکارهێنا، وشەکەش لە لایەن لیوا ڕوکن (کامیل ساجت عەزیز) بۆ کردە سەربازییەکە بەکارهێنرا، ئەمەش بە سود وەرگرتن بوو لە قورئان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قوئانی پیرۆز، سورەتی هەشتەم ؛ زانا فەقێ: جینوساید لە باشووری کوردستان، ل١٦؛ دەشتی ئەحمەد حەسەن: شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، ل٢٢؛ جەمال مەجید فەرەج: س، پ، ل٥٠).

**نەخشەی ژمارە ٢**


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

المواجهة بين قوات البيشمركة التابعة للاتحاد الوطني الكردستاني والجيش العراقي في عملية الأنفال، المرحلة الثانية، على سبيل المثال.



سەرچاوە:

**سەرچاوەکان:**
**یەکەم: قورئانی پیرۆز**
**دووەم: بەڵگەنامەکان بە زمانی عەرەب:**

**١- قرار مجلس الثورة/ ١٩٨٧/٣/٢٩.**

**٢- مديرية الستخبارات العسكرية العامة، ش٢، ق٢، ٦نيسان ١٩٨٧.**

**٣- مديرية الستخبارات العسكرية العامة، السرى و الشخصى، ٧ى ئادار١٩٨٨.سس**
**سێیەم: پەتووکەکان:**
١- ئیدریس ئۆمەر گومبەتی: ئەنفالی زێی بچوك، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢- ئاوات قارەمانی: ریگا باریکەکان،چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣- ئازاد سەراوی: تۆماری سەروەری _بەرگی حەوتەم، ئەنفال بەرگری، چ١، لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری و مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ٢٠٢٤.
٤- بەهادین نوری: پرسی کورد و ئەزموونی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی زانا، ٢٠١٨.
٥- ڕەشید عەلی سەعید: پارتیزانێك لە ناوگڕ وکڵپەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠٢٠.
٦- زانا فەقێ محەمەد: جینۆساید لە باشووری کوردستان، ئەنفالی ناوچەی (گەرمیان) بەنموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢.
٧- زیاد عبدالرحمان: توونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێم دا، بێ چاپ، تەورێز، ١٩٩٥.
٨- زەمان عەبدە: مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٠.
٩- سەلام عەلی: نیشتمانی گوڵەگەنمەکان، کردە ڕەهاتی ئەنفال لە زاری پێشمەرگەوە،ب١، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٤.
١٠-محمود سەنگاوی: بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٩٢.
١١-مەردان کوڵەجۆیی: ئەزموونی تەمەنێك، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢.
١٢-عەلی تەتەر نێرووەی (دکتۆر): بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە سالەکانی جەنگی عێراق و ئیران دا (١٩٨٠ -١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٣-عەلی عەبدولکەریم محەمەد (عەلی زاواتی): لە گەرمیانەوە بۆ قاسمە ڕەش، چ١، چاپەمەنی ساوا، کەلار، ٢٠٠٢.

١٤-مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کوردا، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٥-خەلیل سەرکانی: ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٦-گۆران سەلام محەمەد: ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ -١٩٩١، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٢.
١٧-هیومان رایتس ووچ/مێدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی سێهەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٨-نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، چ٢، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٩-ناهیدە تاڵەبانی، جاسم محمد محمدعلی: ئەنفالی گەرمیان و ڕەهەندی دیموکراسی و ئابوری و کۆمەڵیەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وشە، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**پێنجەم: چاوپێکەوتن و پەیوەندەییەکان:**

١- نامەی مامۆستا عەلی پەرلەمان بۆ توێژەر، ٣ی ئازاری ٢٠٢٥.
٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازادی سەگرمە، سلێمانی، ١ی شوباتی٢٠٢٢.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر جەلیل البصری، سلێمانی، ٢ی ئابی ٢٠٢٢.
٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی عەبدلکەریم (عەلی زاوتی)، کەلار، ٢ی نیسانی ٢٠٢٦.
٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێزاد باوەنوری، کەلار، ٥ی نیسانی ٢٠٢٦.
٦- پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ شکور قەرەباڵاغی، ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٦.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

**بە زمانی کوردی:**

١- زانا فەق: جینۆسایدکردنی گەرمیان – ئەنفالی ناوچەی (داودە) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، تەمموزی ٢٠١٧.
٢- عەدالەت عومەر ساڵح: پانۆرامای تاوانەکانی سەدام، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە ١، ٢٠١٥.
٣- هەژار کیفە شەریف: گوزەرێك بە ناو تاوانەکانی ئەنفالدا، گۆڤاری چیا، ژمارە (٥٠-٥١)ئادار و نیسان – ئایار و حوزەیرانی ٢٠١٣.
٤- میهرەبان – هیوا: یادێك بۆ هەمیشە، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا جەلال کەریم، گۆڤاری سەروەری، ژمارە ١٧، ٢٠٠٦، ل٦٨.
٥- کەیوان ئازاد ئەنوەر (دکتۆر)، تاوانبارە گەورەکەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ(١٠١)، ٢٠٠٩.
٦- بەهجەت ڕەئووف: ئەنفالی یەك، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٦٨)، یەك شەممە، ١٩٩٦/٤/٢١.
٧- تەها سلێمان: مێژووی قۆناغەکانی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە١، ٢٠١٥.

٨- خەلیل ئیسماعیل محمد: لێکجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٢٤)، هاوین ٢٠٠٢.

بە زمانی عەرەبی:

١- جريدة الثورة: عدد(٦٥٢٠)، السبت، ١٩٨٨/٤/٣.

**شەشەم: بەرنامەیی تەلەفزیۆنی:**

١- تەلەفزیۆنی کەرکووك: بەرنامەی هەڵۆکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمەد ئۆمەربلی، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا سەنگاوی، ١٨ی ئابی ٢٠٢٤.

**حەوتەم: سەرچاوە ئەکادیمییەکان:**

١- دەشتی ئەحمەد حەسەن: شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢.

٢- جەمال مەجید فەرەج: جینۆسایدی باشووری کوردستان، پرۆسەی ئەنفالی یەك بە نموونە (٢/٢١-١٩٨٨/٣/١٩)، نامەی ماجستێر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣- زانا فەقێ محەممەد: ڕۆڵی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە باووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨، نامەی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤.

٤- یادگار عەبدوڵڵا عەلی هەمەوەندی: ڕەهەندە سیاسییەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر، بڵاونەکراه، کۆلێجی زانستە مرۆگایەتییەکانی، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

Source:

**Sources:**

**First ,the Holy Qur'an**

**Second :Documents in Arabic:**


1- **Resolution of the Revolutionary Council/ 29/3/1**
2- **General Military Intelligence Directorate, Vol.2, Q2 ,April 6,**
3- **Directorate of General Military Intelligence, Secret and Personal, March 7, 1988. SS**

**Third :Books:**

1- Idris Omar Gumbati: Anfal Zey Bachuk, 1st edition ,Kamal Printing House, Sulaimani, 2013.
2- Awat Qaremani: Riga Barikakan, 2nd edition, Khanay Rahand Publications, Sulaimani,
3- Azad Sarawi: Record of Sovereignty - Volume 7, Anfal Defense, Vol. 1, Publications of the Awareness Board and the Media and Awareness Bureau of the Kurdistan National Union, 2024.
4- Bahadin Nuri: Kurdish Issue and Experience of Iraqi Kurdistan, Vol. 1, Zana Printing House,
5- Rashid Ali Saeed: Partizanek la Nawgr wkalpada, 1st edition, Tehran Printing House, Iran,
6- Zana Faqe Mohammed: Genocide in South Kurdistan, Anfal in Garmian Region as an Example, 1st Edition, Yad Printing House, Sulaimani , ٢٠١٢.
7- Ziad Abdulrahman: Toon of Death Anfal Attacks in Regime Documents, unpublished, Tehran, 1995.
8- Zaman Abda: Anfal Tragedy, Volume 1, First Edition ,Ministry of Education Printing House, Erbil, 2010.
9- Salam Ali: The Country of Wheat Flowers, Anfal Experience from the Peshmerga's Mouth, B1, Ch1, Karo Printing House, Sulaimani,
10- Mahmoud Sangawi: Memoirs of Sangawi, Vol. 1, Tişk Printing House, Sulaimani, 2004, p.
11- Mardan Kulajoyi: Experience of a Lifetime, Part 1 ,First Edition, Karo Printing House, Sulaimani,
12- Ali Tatar Nerway (Dr.): Kurdish Nation's Liberation Movement in Iraqi Kurdistan in the Years of the Iraq-Iran War (1980-1988), Vol ,١ .Haji Hashim Printing House, Erbil, 2008.
13- Ali Abdulkarim Mohammed (Ali Zawati): From Garmian to Qasim Rash, Vol. 1, Sawa Press, Kalar,

14-Osman Kani Pankeyi: Sovereignty of the Kurdistan National Union in the Difficult Times of the Kurdish People, Fourth Edition ,Sulaimani, 2013.
15-Khalil Sarkani: Anfal in the memory of a Peshmerga ,Vol. 1, Ganj Printing House, Sulaimani,
16-Goran Salam Mohammed: Dimensions of Health in the New Revolution 1976-1991, Volume 1, Ch1, Hamdi Printing House, Sulaimani,
17-Human Rights Watch/Middle East Watch, Genocide in Iraq, Anfal Attack on Kurds, translated from English by Mohammed Hama Salih Tofiq, 3rd edition, Kamal Printing House, Sulaimani, 2013.
18-Nesrin Mustafa Amin: Rotation in the Circle, Vol. 2 ,Khak Press and Media Center, Sulaimani, 1999.
19-Nahidah Talabani, Jassim Mohammed Mohammed Ali :Garmian Anfal and Democratic, Economic and Social Dimensions, 1st Edition, Sha Printing House, Sulaimani, 2002.

**Fifth :Interviews and Communications:**

1- Letter from Ali Parliament to the researcher, March 3,
2- Researcher interview with Azadi Sagrma, Sulaimani ,February 1,
3- Researcher interview with Dr. Jalil Al-Basri ,Sulaimani, August 2,
4- Researcher interview with Ali Abdulkarim (Ali Zawti ,(Kalar, April 2,
5- Researcher interview with Shezad Bawanuri, Kalar ,April 5,
6- Researcher's telephone conversation with Shukur Karabalaghi, May 28,

**Magazines and newspapers:**
**in Kurdish:**

1- Zana Faqe: Genocide of Garmian – Anfal of Dauda Area as an Example, Garmian University Journal, Special Issue, July
2- Adalat Omar Salih: Panorama of Saddam's Crimes ,Genocide Magazine, No. 1,
3- Hazhar Kifa Sharif: A Passage through the Crimes of Anfal, Chia Magazine, No. (50-51) March and April – May and June 2013.
4- Mehraban-Hiwa: A Memory for Forever, Interview with Jalal Karim, Sarwari Magazine, No. 17, 2006, p.
5- Kewan Azad Anwar (Dr.), The Great Perpetrator of Chemical Attack on Halabja, Peshmerga Leader Magazine, No. 101, 2009.
6- Bahjat Rauf: Anfal 1, Kurdistan New, No. (1268 ,(Sunday, 21/4/1996.
7- Taha Sulaiman: History of the Anfal Crime Campaigns ,Genocide Magazine, No. 1,

8- Khalil Ismail Mohammed: Separating the Location of Anfal Raids in the Iraqi Kurdistan Region, Brotherhood Center Magazine, No. 24 ,Summer 2002.

in Arabic:

1- Al-Thawra Newspaper: No. 6520, Saturday, 3/4/1

**Sixth :Television programs:**

1- Kirkuk TV: Eagles Program, Interview with Samad Omerbli, Prepared by: Abdullah Sangawi, August 18,

**Seventh :Academic Sources:**

1- Dashti Ahmad Hassan: Anfal II in Karadag, Master's thesis, unpublished, College of Language and Humanities, Garmian University,

2- Jamal Majid Faraj: Genocide in South Kurdistan, Anfal Process as an Example (21/2-19/3/1988), Master's thesis, unpublished, College of Humanities, Sulaimani University, 2022.

3- Zana Faqe Mohammed: The Role of the Kurdistan National Union in the Peshmerga Struggle in Northern Kurdistan 1976-1988, PhD thesis , unpublished, College of Humanities, Sulaimani University, 2024.

**4-** Yadgar Abdullah Ali Hamawandi: Political Dimensions of the Anfal Process in the Iraqi Kurdistan Region, Master's Thesis, Unpublished , College of Humanities, Koya University, 2008.